# چەند جوانە ببینە هۆی بەختەوەری کەسانی تر

[ کردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی : سایە فارس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٠ ـ ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( ما أجمل أن نكون سبباً في سعادة الآخرين )

« باللغة الكوردية »

إعداد : سايه فارس

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# چەند جوانەبینە هۆی بەختەوەری کەسانی تر

ئەم دوو نەخۆشەکاتەکانیان بەگفتووگۆکردن لەگەڵ یەکتر بەسەر دەبرد بێ ئەوەی یەکتری ببینن ،لەبەر ئەوەی لەسەر پشت ڕاکشا بوون ، لەبارەی خێزان و ماڵ و ژیان و هەموو شتێک دەدوان...

هەموو ڕۆژێ پاش عەسر ، ئەو نەخۆشەی کەبەپێی فەرمانی پزیشک دەبوایەدابنیشتایە، سەیری دەرەوەی دەکرد و وەسفی جیهانی دەرەوەی بۆ هاوەڵەکەی دەکرد ،ئەوی تریش چاوەڕێی ئەو سەعاتەی دەکرد وەک چۆن نەخۆشی لای پەنجەرەچاوەڕێی دەکرد، چونکە ژیانی پڕ دەکرد لەزیندەیی لەکاتێکدا کەگوێی بۆ هاوەڵەکەی دەگرت وەسفی دەرەوەی دەکرد. چونکەنەخۆشی بەر پەنجەرەکاتێ سەیری دەرەوەی دەکرد دەیوت : لەباخچەیەکدا دەریاچەیەکی گەورەهەیەمراوی مەلەی تێدا دەکەن ، منداڵانیش لەمادەی جۆراو جۆر بەلەمیان دروست کردوەلەناو ئاوەکەدا یاری پێ دەکەن ، پیاوێکیش پاپۆڕەبچووکەکەی بەکرێ دەداتەخەڵکی هەتاگەشتی خۆیان بکەن لەناو دەریاچەکەدا، کۆمەڵێک لەقەراغی دەریاچەکەبەپیادەدەڕۆن ، هەندێکی تر لەسێبەری دار و درەختەکان و لەلای گوڵ و گوڵزاری ڕەنگاو ڕەنگی سەرنج ڕاکێش دانیشتوون .... دیمەنی ئاسمانیش سەرنجی گەشتیاران بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت...

لەم کاتانەدا کە ئەو وەسفانە دەکات ئەویش بەشێوەیەک گوێی گرتوەکەهەست بەبوونیان دەکات ، چاوەکانی دادەخات و تەسەوری ئەو جیهانەی دەرەوەی نەخۆشخانەدەکات...

ڕۆژێک باسی نمایشی سەربازی بۆ دەکات لەکاتێکدا ئەو عەزفی ئەو تیپەمۆزیکانەی نەبیستوەئەوەنەبێت کەبەچاوی عەقڵ دەیبینێ لەڕێی وەسفی هاوەڵەکەی بۆی...

ڕۆژان تێپەڕی و هەردووکیان زۆر خۆشحاڵ و بەختەوەر بوون بەهاوەڵێتیان ، لەڕۆژێکدا پەرستارەکەوەک واجب و کاری خۆی سەردانی نەخۆشەکانی کرد بینی نەخۆشی لای پەنجەرەکە گیانی دەرچووە هاوەڵەکەشی بەمەی نەزانیوە، تا ئەو کاتەی پەرستارەکە بەتەلەفۆن داوای یارمەتی کرد تا بیبەنە دەرەوە لەو کاتەدا زانی هاوەڵەکەی وەفاتی کردوە زۆر دڵتەنگ و خەمبار بوو بەمردنی...

کاتێک هەلێکی گونجاوی دۆزیەوە داوای لەپەرستارەکە کرد کەبیباتە لای پەنجەرەکەوە ئەویش ئەوەی ویستی بۆی بەجێ هێنا... نزیک ئەو کاتانەی کەهاوەڵەکەی دادەنیشت و سەیری دەرەوەی دەکرد بیری لەهاوەڵەکەی کردەوە... بڕیاری دا کەهەوڵ بدات دابنیشێت و قەرەبوی ئەوسەعاتەبکاتەوەکەلەدەستی چووە، وردەوردەسەری بەرز کردەوەبەیارمەتی دەستەکانی ،پاشان بەهێواشی سەیری دەرەوەی کرد .... بەڵام لەم کاتەدا شتێکی سەیری بینی .!!

ئەوەی چاوی پێکەوت تەنها دیوارێک بوو لەدیوارەکانی نەخۆشخانە، پەنجەرەکەش لەسەر ساحەی نەخۆشخانەکەبوو ...

بۆیە پەرستارەکەی بانگ کرد و لێی پرسی ئایە ئەم پەنجەرەیە هەر ئەوەیە کە هاوەڵەکەی لێیەوە سەیری دەرەوەی دەکرد؟

ئەویش لەوەڵامدا وتی بەڵێ !! ئەم ژوورەتەنها یەک پەنجەرەی تیایە، هۆی سەرسوڕمانی نەخۆشەکەی پرسی : ئەویش چیرۆکی هاوڕێکەی و وەسفەکانی بۆ گێڕایەوە، پەرستارەکەش زیاتر سەری سوڕما و ووتی : هاوڕێکەی تۆ چاوەکانی کوێر بوون تەنانەت نیتوانیوەدیوارەکەش ببینێ ...!!!

بەڵام دیارە ویستوویەتی ژیانت بەختەوەر بکات هەتا بێ هیوا نەبیت و تەمەنای مردن نەکەی.

ئایا دڵخۆش نابیت ئەگەر هۆیەک بیت بۆ بەختەوەری دەوروبەرت ؟

ئەگەر خەڵکیت بەختەوەر کرد بەختەوەری تۆ دووهێند زیاد دەکات ، وەئەگەر خەم و پەژارەت بڵاو کردەوەدڵتەنگی و نارەحەتی خۆت زیاد دەکات...

خەڵکی زۆربەی کات ئەوەی دەیڵێت لەبیری دەچێتەوە، یان ئەوەی دەیکات لەبیری دەچێتەوە...

بەڵام هەرگیز ئەو شعوور و هەستەی بەهۆی تۆوەتووشیان دەبێت لەبیریان ناچێتەوە...

ئایا وایان لێ دەکەیت هەست بەبەختەوەری بکەن ؟

با هەموو دروشممان ئەو ئامۆژگاریەی خوای گەورەبێت کەلەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت : (وقولوا للناس حسناً ).

و آخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمين ....

سەرچاوە: مهارات النجاح للتنميه البشريه